**هۆشیاری**

«چەند خۆشە گوێ بەهیچ شتێک نەدەیت. چەند خۆشە خەم بۆ هیچ شتێک نەخۆیت!»

بیربکەرەوە، چەند خۆشە، تۆ هەرکاتێک حەزتکرد، بە فڕۆکە بفڕیت و هیچ خەمیشت نەبێت، کە ئەو فڕینەی تۆ، چەندە هەوا پیسدەکات!
بیربکەرەوە، هەموو ڕۆژێک و هەموو ژەمێک، تۆ سفرەکەت بە جۆرەها خواردن بڕازێنیتەوە و هیچ خەمیشت نەبێت، کە ملیۆنەها مرۆڤ، لەبەر هەژاری بە برسێتی سەردەنێنەوە!
بیربکەرەوە، تۆ هەموو ڕۆژێک خۆت و جلوبەرگت بشۆریت و هیچ خەمی ئەوەشت نەبێت، کە ملیۆنەها مرۆڤ، ئاوی پاکیان بۆ خواردنەوەش دەستناکەوێت!
بیربکەرەوە، ئەو گشتە کارەسات، جەنگ، تەنگژەی ئابووری، بێکاری، ئاوارەیی و دەربەدەرییە لە جیهاندا ڕوودەدەن و تۆش «*مێشێک میوانت نیە!*» و «*بێ خەم سەردەکەیتە سەر سەرین!*».

بەڵێ؛ هەن وەها بیردەکەنەوە، گوێ بەهیچ نادەن و لە خەمی هیچ کەس و هیچ شتێکدا نین
بەڵێ؛ لاوانی وەها لە نەرویجدا هەن و زۆریشن.

من تێدەگەم ئەوانە بۆ وەها بیردەکەنەوە. ئێمە لە نەرویجدا هەرچییەکمان پێویستە و ئارەزووی دەکەین بۆ ئاسوودەیی ژیان، هەمانە. کەش و هەوای پاک. ئاوی فرەوان و سازگار، دیموکراتی، ئاسایش و ئارامی، کار و کاسپی و پارەی زۆر.

بەڵام من ناتوانم هەروا بێ خەم و پەژارە بم و گوێ بەو هەموو ڕوودا و کارەساتانەی لە جیهاندا ڕوودەدەن، نەدەم. هەر جارێک نارەوایەتیەک و نادادپەروەرییەک ببینم، یان ببیستم؛ خەم و پەژارە دامدەگرێت. هەرچەندە هەندێ جاریش حەزدەکەم فەرامۆشیان بکەم، بەڵام ناتوانم!

تۆش کەمێک خۆت نیگەران بکە و گوێ بدەیە!
هەرچەندە گوێپێدان و خۆنیگەرانکردن بۆ ئەو حەمکە کارەسات و ڕووداوانەی جیهان، گەلێک سەختە و هەندێکجاریش، بێ هیوایی؛ بەڵام سەرئەنجام هەر کەڵکی دەبێت!
«مارییا سووت، تەمەن 20 ساڵ»

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن (Aften posten si; d) 2012/08/08 ئۆسلۆ، نەرویج.

www.p4ckurd.net



**مەحوی (1830 - 1906)**

شوکور هۆشــیارە مەحــوی تێدەگا دنیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی. خراپەی بۆچی لێدەگرم

(دیوانی مەحوی، چاپی دووەم 1984، چاپخانەی حسام، بەغداد، لاپەڕە 220)

هۆشیاری
ڕەنگە سەرەکیترین خەسڵەتێک بێت، کە مرۆڤ لە گشت زیندەوەرەکانی دیکە جودا دەکاتەوە. کۆمەڵە فەیلەسوفێک هەن، هۆش (هۆشیاری) بە بنەڕەتی بیرکردنەوە دادەنێن و تەواو لە هەست (هەستی) جودای دەکەنەوە و تەنانەت بە دوو جیهانی جیاوازیش ناویان دەبەن. جیهانی هۆشەکی و جیهانی هەستەکی.

..................................................



**داریوش**

داریوش، سترانبێژی بەناوبانگی ئێران، یەکێک لە گۆرانییەکانی بەم کۆپلەیە دەستپێدەکات:

بریا هۆشیاری بەشی من نەبوایە
ئاخر هۆشیاری غەمێکی گەورەیە
بریا هۆشیاری بەشی من نەبوایە
مایەی ئازار و پەرێشانیم نەبوایە

www.p4ckurd.net

**چەند پرسیار**

- ئێمە، کە خۆمان گشت پێداویستییەکانی ژیانمان دابین بێت، ئیدی بۆ دەبێت لە خەمی ئەوەدا بین، کەسانی دیکە ئەو پێداویستییانەیان، کەمە، یان نییە؟

- گەر مارییا (ئەو کچەی کە ئەم بابەتەی نووسیوە) یان تۆ، هێندە ئاوی خاوێنتان هەبێت، کە هەموو ڕۆژێک خۆتان و جلوبەرگتان بشۆرن، ئیدی بۆ دەبێت خەمتان بێت، لە شوێنێکی دیکە، بە هەزاران منداڵ ئاوی خاوێنیان بۆ خواردنەوەش دەستناکەوێت؟

- چ زەوی بەپیت و پڕبەرهەم و چ بیابان. چ ڕووبار و کانی و تاڤگەی سازگار، چ سوێراو بۆگەناو، گشتیان سروشت ڕسکن و مرۆڤ ڕۆڵی نیە لە دروستکردن و جێگیرکردنیان. ئیدی ئەو مرۆڤانەی، کە دەستیان بەو سەرچاوانەدا دەگات، بۆ بەو شێوەیە بەکاری نەهێنن، کە خۆیان پێیان باشە؟

- ئێمەی مرۆڤ و گشت زیندەوەرەکانی دیکەش، گشتمان یەک ماڵی هاوبەشمان هەیە؛ ئەویش ئەم پلانێتەیە، گەر ئێمە بە ئارەزووی خۆمان بێ گوێپێدان، زیادەڕۆیی بکەین لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سروشتدا، بەبڕوای تۆ ئایندەی ئەم هەسارەیە (پلانێت) چۆن دەبێت؟

- بەبڕوای تۆ، ئەم کچە بۆ خۆی خستۆتە ناو ئەم گێژەنی پرسیار و پەژارەییەوە؟؛ ئایا لە هۆشیارییەوەیە؟

- گەر هۆشیاری خەسڵەتی بوونی مرۆڤ بێت، ئیدی بۆچی داریوش، یان ئەو کەسەی تێکستی گۆرانییەکەی بۆ نووسیوە، هیواخوازە، کە هۆشیاری بەشی ئەو نەبێت، چونکە پێیان وایە. هۆشیاری خەمێکی گەورەیە؟ ئایا هۆشیاری خەمێکی گەورەیە؟

- بڕوادەکەیت، گەر مرۆڤێک ناهۆشیار بێت، ئیدی ئاسوودەیە؟

- ئایا مەحوی لە داریوش، (یان نووسەری تێکستەکە) باشتر لە هۆشیاری تێگەیشتووە؟

ئەوەنییە مەحوی نایەوێت، یان ناخوازێت، «ڕەخنە» خراپە لە ئەهلی (کەسوکار، هاوشاری و هاووەڵاتیان) بگرێت، کە بەدمەستی دەکەن (واتە خۆیان ناهۆشیار دەکەن!).

- ئایا کەسی هۆشیار، هەمیشە هۆکاری «شتەکان» دەزانێت؟

- دەزانیت ئەو هۆکار و کاریگەرییانە چین، مرۆڤ هۆشیار دەکەن؟

- بە بڕوای تۆ، هیچ وێکچوون و نزیکییەک لە نێوان بۆچوونەکانی ئەو کچە و داریوش و مەحویدا هەن؟ ئەگەر هەن چین، کامانەن؟

- ئایا هۆشیاری هەمیشە مایەی «بێ هیوایی، لەکن مارییا» و «خەم و ئازارێکی گەورە، لەکن داریوش» و «دنیای خەرابات = جیهانی کاولبوو، لەکن مەحوی»یە؟

- ئایا تۆ هۆشیاریت؟ دەتوانیت هێما و نیشانەکانی هۆشیاری خۆت دەستنیشان بکەیت؟

- ئایا ئەو فەیلەسوفانەی، کە هۆش و هەست لێک جودا دەکەنەوە، ڕاستن؟ خۆ لە زۆر دۆخدا هەست دەبێتە پەنجەرە بۆ هۆش. مارییا دەنووسێت «هەرکاتێک نادادپەروەرییەک دەبینم، یان دەبیستم» بینین و بیستن، هەستن و بەهۆی ئەوانەوە مارییا هۆشیارە!